# مەدام سیمۆنا

**تەرزە جاف**

**مەدام سیمۆنا بە پانتۆڵێکی کەتان و تیشێرتێکی فانیلەی سپیەوە گەیشتەکوردستان**
**حکومە ت بە پێی خۆی و بە ئۆتۆمبیلێکی فوول ئۆتۆماتیك گەیشتە پێشوازی.**
**حکومەت بە دەستی خۆی جانتاکانی مەدام سیمۆنا دە خاتە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە**
**حکومەت دوو گەنجی کوردی قۆزی وەك پەڕەی گوڵ دە کاتە شوفێر بۆ مەدام سیمۆنا**
**حکومەت دوو گە نجی کوردی قۆزی وەك پەڕەی گول دە کاتە وە رگێڕ بۆ مەدام سیمۆنا**
**حکومەت لە باشترین ئوتێل مەدام سیمۆنا دە عوەت دە کات**
**حکومەت باشترین خزمەت وخواردن و خواردنەوە بۆ مە دام سیمۆنا دابین دەکات.....**
**–هاللو کەنەدا**
**–هاللو مەدام**
**–هاللو هولندا**
**هەموو دام و دە زگاکانی ڕاگەیاندن دەستەو دامێنی مەدام سیمۆنا دەبن بۆ چاو پێ کەوتنێك...کە نایکات**
**حکومەت بە دە نگێکی قەڵەودە فە رموێ:**
**((مەدام سیمۆنا خزمە تیکورد دە کات))**
**مەدام سیمۆنا دەبێتە میوانی من،**
**خواردنێکی کوردی بۆ مەدام سیمۆنا لێ دەنێم و...**
**مەدام سیمۆنا لەتەنیشت منەوە بە ئینگلیزی لە گە ڵ برادە رێکی خۆی گاڵتە بەعەقڵی کورد دەکات**

---

**باجی سورمێ توورەکەیەکی بە شانەوەیە... بۆ قاڵبێ بەفر لە دە رگای ماڵان دەپارێتەوە**
**باجی سورمێ هەژدە کەسی خێزانەکەیان بە کوڕ و کچ و زاوا و بووك و کچەزا و کوڕەزاوە...ئە نفال کراون**
**باجی سورمێ کاتێك باسی ئەنفالی کرد...**
**حیزبێکی کوردی گوێی ڕاکێشا.**
**باجی سورمێ درکی بەوە کردووە کە نان کردن نە بێت هیچ شتێك لە برسێتی ڕزگاری ناکات**
**مەدام سیمۆنا بە قێز و بێزەوە خواردنێکی کوردی دە خوات**
**باجی سورمێش وەختە باڵ بگرێ لە خۆشیان کە پاشماوە کەی دەباتەوە بۆ کچەبێوەژنەکەی**
**حکومەت دەفەرموێ : ئاگاتان لەو ژنە بێت گەرمایە نەوەك ببورێتەوە.. ((حکومەت مەبەستی مەدام سیمۆنایە)).**
**مەدام سیمۆنا هە موو دنیا گە ڕاوەو بە ئاخیری عومریشی کوردستانی بیر کەوتۆتەوە**
**باجی سو رمێ لە گوندێکی نزیك چەمچەماڵ لە داباریینی بارانی مەرگی**

**ئه نفال جاشێك بەزەیی بە خۆی و کچە دوو گیانەکەی‌دا هاتبۆیەوەو سواری پشتی پیکابێکی کردبوو.**

**مەدام سیمۆنا بە لای کەمی، لە باوەشی هەژدە پیاودا گەرمی بۆتەوە**

**باجی سورمیٚ یەك مێردی هە بووە ئەویش لە ئەنفالەکە لێی بزر بووە**

---

**ئە گەر کچە بچکۆلەکەم بوو بە وەزیری خارجیە....**

**یان کورە کۆرپەکەم بوو بە وەزیری مرۆڤایەتی**

**پێیان دەڵێم :**

**پارەی مانەوەی یەك هەفتەی مەدام سیمۆنا خانوویەکی تیدا دەبێت کەس و کار ئەنفالکراوێکی وەك باجی سورمیٚ بحەوێنێتەوە.**

**پێیان دەڵێم :**

**پارەی ژەمیٚ دەعوەتی مەدام سیمۆنا سەللاجە شکاوەکەی باجی سورمیٚ چاك دەکاتەوە کەهەشت ساڵە بۆی چاك نەکراوەتەوە پێیان دەڵێم :**

**موبەریدەیەك، ژووریکی قوڕ..... بۆ باجی سورمیٚ دابین بکەن.**

**مەدام سیمۆنا پێش گەڕانەوەی بەگەرمییەوە تەوقەی کرد و ووتی :**

**((زۆر گەشبینم بەرامبەر ئەم ئەزموونەی کورد))**

**باجی سورمیٚ توورەکە بەفرەکەی دا بە شانیاو ووتی :**

**((ئەگگە... سەریان بە قوڕا چێت بۆ خۆیان و پاداشتیان)).**

www.kurdistannet.org